# رونار سویگوردی دەجالی ئازاد لە سویدا

**حمید کەشکۆلی**

با پیاوە ئایینەکانی خۆشمان دلنیا بن لەوەی ئەگەر رۆژێک لە کۆمەلگای خۆشماندا دەولەتیکی سێکیولاری مۆدیرن بەرپابو ، تەواو ئازادن لە پێرەوکردنی بیروباوەری خۆیان بە پێی قانونی مەدەنی و زامنبونی ئازادیەکانی شەخسی و جڤاتی . باش دەزانم ئەو قەشەیەی سویدی رونار سویگورد مێردی جارانی ئارتیستی ساختەچی کارولا دەجال و فێلبازە بەلام چ بکەین دەبێ باوەرمان بە ئازادی بیروڕادەربرین هەبێ . ئازادی باوەر و ئایین دروزن و فێلبازەکانیش دەگریتەوە خۆی و لە سایەیدا لە هەر مەترسییک پارێزراون.

ئەو قەشەیە لە خوتبەکانیدا و لە گفتوگویەکانیدا زۆرجار گوتویوتی گۆیا پێغەمبەری ئیسلام پێدوفیل بوە . هەلبەتە موسولمانانیش بەو قسەیە زۆر نارەحەت بوون لە کاتێکدا لە سویدیدا زۆربەی هەرە زۆریان لە باریکی دەرونی زۆر نالەبار بەسەردەبەن. ئەو تەشخەلەیەی روناری سێبەندی وەک تەعەدایەکە لە مرۆی زەعیف و کۆلەوار.

ئەم قەشە گەنجە دوای بلاوبونەوەی خوتبەکەی خۆی کردە قارەمانیک و فشەی ئەوە دەکرد گۆیا تیرۆریستەکانی ابن لادن و الزرقاوی راوی دەنین تا بیکوژن. لەو دەمەشدا کەلکی وەرگرت لەو شلبوونەوەی قەدەغەبوونی چەکهەلگرتن بۆ خۆپارێزی و ئیستا وەکو رینگو موسەلەحە. هەروەهاش شەهرەت و ناوبانگیشی پەیاکرد وەکو کەسیکی راونراوی خاوەن رای و بۆچون. من بۆ خوم چەندجارێکم بینیوە لە مالموی سویدێ دا .بە هۆی دوستیکی سویدی مەسیحی ئەندامی ئورکسترای کلیسای پینگ داوەت کرام بۆ کونسیرت لەو کلیسایەدا. لەوێ زانیم ئەو قەشەیە لەگەل کارولا خانمی هاوسەرەکەی چ دەجالێکە. هەردوکیان ئیدعای ئەوەیان دەکرد کە بیمارانی سەرەتان لەو نەخوشیە پیسە شفا دەدەن ، و کۆرە ساغ دەکەنەوە . ئەوەش بە دەسهێنان بەسەر و هەنیانەوە. دەوجاش لەوکارەیاندا لە حەزرەتی عیسا شیان پێشی دەگرت . کاتی حەزرەتی عیسا کابرای ئیفلیجەکەی ساغکردەوە نەیگوت خۆی ساغی کردوە ، نەشی وت خوداوەند ساغی کردوتەوە ، وتی ئەوە ئیمانتە ئەتوی چا کردەوە .. قسەیەکی مەنتیقیە بەپێی رەوانناسی . بەلام رونار بە نەخوشەکانی دەگوت ئەوە بە خودا نیشان دەدەم عەیبەکە لە کویدایە تا ساغت بکاتەوە . وا خوی لە حەزرەتی عیسا گرنگتر دەزانێ. بەو کارانە و بە کاری گورانی وتن ، گۆرانی ئایینی مەسیحی و ئاهەنگەکانیان لە هەمو دنیا بە بیانووی یارمەتی لیقەومان بوونە ملیاردێر وەکو قاچاخچیەکانی کوردایەتی . چاپەمەنیەکانی سوید زۆریک لە رسواییەکانی قەشەی خودا و خانمەکەیان بلاوکردەوە ، و کەسیش بیەوی بە ئاسانی بیاندۆزێتەوە بە هۆی گوگولی ئینتەرنیتەوە .

ئەو قەشەیە لە هەڤپەیڤینەکانی سەلماندی کە نەک تەنها ساختەچی و دەجالە ، بەلکو نەزانیشە و ئیتلاعی باشی لە تاریخ و دینی ئیسلامیش نیە.

له خوتبەکەیدا گوتی محمد خودا نیە ، پێدوفیلە.. مەبەستی لە پیدوفیلبونی وی زەواجییەتی بە حەزرەتی عائیشە کە تەمەنی 9 سالان بوە . ئەوەی تەمەنی عائیشە زۆر نزم بوە ، زانیمان .. کەچی وەختی دەلی محمد خودا نیە ، نەزانیەکەی دەردەکەویت و نازانی ئیسلام مەسیجیەت نیە. لە مەسیجییەت بلێ عیسا خوداوەند نیە یا خودازاد نیە رەنگە زۆر مەسیحی پێیان ناخوش بیت ، بەلام ئیسلام تەئکیدی کردوە کە محمد مرۆیەکە و پێغەمبەرە.. دواییش عائشە نمونەی ژنی ژێردەستە و چەوساوە نیە لە ئیسلامدا. هەرکەس دەزانێ کە عائیشە دەستڕۆیشتو و سەرکردایەتی ئوپوزسیونی دەکرد دژی حوکمەکەی خەلیفەی چوارەمی ئیسلام علی کوری ابی تالب و لەشکرکێشی کردوە بەسەری و بەسەر یارانی. لەگەل هەمو ئەوەدا ئەم قەشەیە ئازادە و هەرکەسیش ئازادە بەپێی قانونی ئازادی دین و بیروباوەر لەدژی وی بیروباوەری خۆی دەربرێ . هەموانیش بە تایبەتی ئیسلامیەکان با باش بزانن زەمانی ملهوری و داپلوسینی فکر و زمانبرین وا بەسەردەچێ.